# سووتاندنی مونومێنتەکەی هەڵەبجە و تەقەکردن لە خەڵک

کاوە ئەمین

هەفتەیەک پێش ٣/١٦، لە هەندێک رۆژنامەی باشووری کوردستان و ماڵپەرە ئەلەکترۆنییەکاندا باسی ئامادەکاریی بۆ خۆپیشاندانێک دژیی هاتنی بەرپرسیارانی حیزبی و حکوومی بۆ هەڵەبجە، دەکرا. وەک دەڵێن مانگاشەو سەر لە ئێوارە دیارە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دیاربوو کە بەرپرسان گوێ بۆ ئەو داواکارییەی خوێندکاران ناگرن و خەڵکیش لەو بڕیارەی کە دابوویان پەشیمان نابنەوە و چەکدارانی سەر بە دەستەڵاتیش کە بەموو لە فەرمانی ئاغاکانیان دەرناچن، چاوەروانی ئەوەیان لێدەکرا کە تەقە لە خەڵک بکەن، چوونکە پێشتریش کاریی وایان لێوەشابووەوە.
بەرپرسیارێتی هەموو ئەو ڕوداوانەی کە روویاندا دەکەویتە سەر شانی حکوومەت و دەبوو هیچ نەبێت چەندین وەزیر لە پێشهەموویانەوە وەزیری ناوخۆ دەستی لەکار بکێشایەتەوە، ئەگەر باسی سەرۆکی حکوومەت نەکەین، ناڵشلێم سەرۆکی هەرێم چوونکە پێناچێت لە دێگەڵە بەولاوە (بەرەو سلێمانی) هیچ داو دەستگایەک بە سەرۆکی خۆی بزانێت.
سووتاندنی ئەو دیکۆمێنت و بەڵگانەی کە لە مۆنومێنتەکەی هەڵەبجەدا پارێزرابوون، کارێکی قێزێوونە و کارێک نەبوو کە لە خزمەتی قووربانییەکانی هەڵەبجەدا بێت، خۆ ئەگەر دەستێکی سیاسیی لە پشت ئەو کارەوە بووبێت بۆ تێکدانی ئەو ئارامییەی لە کوردستاندا هەیە، خیانەتەێکی نەتەوەییە، ئەگەر هەر تەنها هەڵچوونێکی کاتی چەند لاوێکی تورەی هەڵەبجە بێت، دەبێت لێکۆڵینەوەی بێلایەنانەی لەسەر بکرێت و هەموو ئەو فشارە رۆحیی و دەروونیانەی کە ١٨ ساڵە خەڵکی هەڵەبجەی پێوە دەتلێتەوە، لەبەرچاو بگیرێن.
بە داخەوە لێرەو لەوێ خەریکە ئەو ڕووداوەی هەڵەبجە لەلایەن خەڵکانی هەلپەرستەوە بۆ تێکدانی ئارامی کوردستان و گێرە شێوێنی و تەنانەت زیندوو کردنەوەی شەڕیی ناوخۆ کەڵکی لێوەردەگیرێت، بۆیە لە پێش هەموو کەسێکدا نابێت خەڵکی هەڵەبجە ڕێگا بدەن جارێکی تر بازرگانی بە شارەکەیانەوە بکرێت و بۆ مەبەستی گڵاوی سیاسی و تاکەکەسی کە بەرژەوەندیان لە شەری ناوخۆدا هەیە، بەکار بهێنرێت. چەند ساڵێک پێش ئێستا برادەرێک نووسینێکی نووسیبوو تێیدا باسی ئەوەی کردبوو کە خەلکانێک هەن تەنها بۆ ئەوەی بەڵگەیان زیاتر بێت بۆ ئەوە کە بیسەلمێنن پارتی و یەکێتی گەندەڵن و یەکتر دەکووژن، خوا خوایانە شەری ئەو لایەنانە هەر بەردەوام بێت تا بڵێن ئەوەتا قسەکەم هاتەدی.
پێش هەموو شتێک دەبێت حکوومەت داوای لێبووردن لە خەڵکی هەڵەبجە و کەسووکاری ئەو شەهیدە و بریندارەکان بکات و ئەوانەی تەقەیان لە خەڵکی هەڵەبجە کردووە، دەبێت دادگایی بکرێن. دەبێت بەشێک لەو بودجەیەی کە بۆ کوردستان تەرخان دەکرێت ساڵانە

بەشێکی دیاریکراوی بۆ هەڵەبجە تەرخانبکرێت و لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێتەوە کە بە چ شێوەیەک سەرفکراوە. مۆنۆمێنتهکە نوێبکرێتەوە و داخوازییەکانی خەلکی هەڵەبجە بە تەواوەتی جێبەجی بکرێن.

حکوومەتی کوردی بە هەردوو ئیدارەکەیەوە دەبێت دەرس لەم ڕووداوانەی هەڵەبجە و کەلار و ئاکرێ و دهۆک وەربگرن و چاوێک بە کردەوەکانی خۆیاندا بخشێننەوە، دەنا درەنگ یان زوو خەڵک هەر دەنگ بەرزدەکاتەوە و بەوەشەوە ناوەستێت مستەکۆڵەشی لەگەڵدا دەبێت، ئیتر ئەو کاتە کار لەکار دەترازێ و کەس گوێ بە قسەی هەرزانی وەک دەستی تابووری پێنجەم و دەستی دەرەکی و بەرودراوسێ و...هتد نادات، چاکترە دەرسێک لە فەلەستین و وڵاتانی سۆسیالیستی و لاتین ئەمریکا وەربگرن.